# ئایا نان دروستکردنی ماره برینی ژن، جێگای کەفارەتی خواردنی شەست هەژار دەگرێتەوە ؟

# هل تجزئ وليمة النكاح عن كفارة إطعام ستين مسكيناً ؟

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا نان دروستکردنی ماره برینی ژن جێگای کەفارەتی خواردنی شەست هەژار دەگرێتەوە ؟

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : من کەسێکم کەفارەتی خواردن پێدانی شەست هەژارم کەوتووتە سەر، لە هەمان کاتدا کاتی ژنهێنانیشم نزیك بووەتەوە، ئایا دەکرێت ئەو خواردنەی کە دروستی دەکەم بۆ شایی و ماره برینی هاوسەرگیریەکەم جێگای ئەو کەفارەتەم بۆ بگرێتەوە، بۆ ئاگاداریشتان ئەو کەسەی کە ئەو مەسروفاتە دەگرێتە ئەستۆی خۆی منم ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

دروستە بۆ دەرکردنی کەفارەت بانگهێشتی ئەو ژمارەیە بکرێت لە هەژاران و نەداران کە بۆ کەفارەتەکە دیاری کراوە و تێر بکرێن لە خواردنێك مامناوەند کە کەسی کەفارەت دەرکەر دەیخوات ..

هەروەك چۆن ابن أبي شيبة لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی ( المصنف ) بەرگی 7 / لاپەڕە 533 بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە : **عن أنس رضي الله عنه أنّه : " مَرِضَ قَبْلَ أَنْ يَمُوتَ ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ أَنْ يَصُومَ ، فَكَانَ يَجْمَعُ ثَلَاثِينَ مِسْكِينًا ، فَيُطْعِمُهُمْ خُبْزًا وَلَحْمًا أَكْلَةً وَاحِدَةً "** واتا : لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێراویەتیەوە کە پێش ئەوەی بمرێت نەخۆش کەوت، و نەیتوانی ڕۆژوو بگرێت، بۆیە هەستا سی هەژاری کۆ کردەوە، وبەیەکجار نان و گۆشتی دەرخواردان ..

شێخ محمد بن صالح العثيمين یش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : **فإذا صنع طعاما وتغدوا، أو تعشوا فقد أطعمهم ... ولهذا قال شيخ الإسلام رحمه الله : ما دام الشرع لم يقدر لنا ، فإن ما يسمى إطعاما يكون مجزئا ، حتى الغداء أو العشاء** " الشرح الممتع " (15/160 –162) .

واتا : ئەگەر هاتوو خواردنی دروستکرد بۆ نانی نیوەڕۆ یان بۆ نانی ئێوارە و دەرخواردی هەژارانی دا ئەوە کەفارەتەکەی لەسەر لاچووە ... هەر بۆیە شێخ الاسلام ابن تیمیة ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی :

واتا : مادام شەرع بۆی دیاری نەکردووین کە چی جۆرە خواردنێك بێت، بۆیە هەر شتێك پێی بوترێت خواردن، دروستە، جا ئیتر نانی نیوەڕۆ بێت یان ئێوارە گرنگ نیە و دروستە ...

بەڵام بانگهێشت کردنی خەڵکی بۆ نان خوادرنی شایی و مارە برین بە نیەتی دەرکردنی کەفارەت دروست نیە و بەو کارە ئەو کەسە کەفارەتەکەی لەسەر لا ناچێت، چونکە ئەو کەسە بەم شێوەیە دەیەوێت ماڵو سامانەکەی بپارێزیت، پاشان دەبێت بزانین کەفارەت دەرکردن بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی کە سەرپێچیەکەی کردووە پەند وەربگرێت و تەئدیب ببێت، جا ئەگەر هاتوو ختیە چوار چێوەی نان خواردنی شایی و مارە بڕینەوە کارێکی ناشایستەی کردووە و موناسب نیە بەوەها بۆنەیەك و ئەو مەبەستەی کەفارەت دەرکردنی بۆ دیاریکراوە نایەتەدی، جگە بەوە نەبێت کە مەسروف و تەکالیفی نان و خوانێکی تایبەت بە کەفارەت تەرخان بکرێت، و شەست هەژاری بۆ بانگهێشت بکرێت زیاد لەو کەسانەی کە بانگهێشت کراون بۆ نان خواردنی شایی و مارە بڕینەکە، بەشێوەیەك کە کەسانی دەوڵەمەند بانگ بکرێن بۆ نان خواردنی شایەکە و هەژارانیش بە نیەتی خواردنی نان و شیوی کەفارەتەکە ...

هەر ئەم پرسیارەش ئاراستەی شێخ عبد الرحمن البراك کراوە ( خوا بیپارێزێت ) ئەویش لەوەڵامدا ووتی : " **ليس له ذلك إلا أن يكون قد تكلَّف لأجلهم ، وأضاف طعاماً خاصاً من أجل الكفارة** " واتا : دروست نیە بۆی ئەو کارە بکات، بەو شێوەیە نەبێت کە بە شێوەیەکی جیا مەسروفاتی دەرکردنی کەفارەتەکە دیاری بکات، و ئیضافەی خواردن و مەسروفاتی نان وشیوی شایی و مارە بڕینەکەی بکات ..

خوای گەورەش زاناترە ...